پێنجا هەزار هاووڵاتی مەدەنی بەهۆی شەڕ و ململانێ بەردەوامەکانی باکووری بەرما ئاوارە بوون

ئەمڕۆ هەینی ، نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاند، نزیکەی پێنجا هەزار هاووڵاتی مەدەنی بەهۆی شەڕ و ململانێ بەردەوامەکانی باکووری بەرما ئاوارە بوون، کە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا هاوپەیمانییەکی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان هێرشکی بەرفراوانیان بۆ سەر هێزە سەربازییەکانی سەر بە ئونجوومەنی سەربازی دەسەڵاتدار دەستپێکرد.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) لەڕاپۆرتی خێیدا ئاماژەی بەوەکرد، تاوەکوو ڕۆژی پێنجشەممەی 9ـی تشرینی دووەم، نزیکەی پێنجا هەزار کەس لە ویلایەتی شان (باکوور) ناچار بوون هەڵبێن.

نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) سەرنجی بۆ ئەوەش ڕاکێشاوە، هەفتەی ڕابردوو 23 هەزار کەسی دیکە ناچار بووبوون شوێنەکانیان بەجێبهێڵن و ئاوارە بن. هەروەها هۆشداریشی داوە ئەگەر ململانێ چەکدارییەکان بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ژمارەی ئەوانەی ئاوارە دەبن زیاتر دەبێت